# قەدەرێك خەجاڵەتی

ئیسماعیل هەڵەبجەیی
شتوتگارت

ئای لەداخی سیما ڕەشەكانی زەمەن
ئاە لەتاوی ڕۆژە سەختەكانی تەمەن
چەند درێژن و لێم نابنەوە
شیلەی گەنجێتیان مژیم
گەلێك سەیرە منی سەرسەخت
بەم هەموو دەردو ژانەوە
چلۆن دەژیم
ڕۆژان دەڕواو
لەم باخچە پڕ گوڵەی ژیان
نەبوومە بولبول بۆگوڵێك
نەخۆرێكیش بۆ ئازیزێكی چاوەڕوان
ئەڕۆم و. . . هەر ڕۆژێك
ئەڕۆم
بەرەو بناری
ئا. و. ا. ب. و. و. نننن
خەجاڵەتی بۆ ئەو قەدەرە جیّ دێڵم
منی خستە نێو گێژاوی
ئەم كەرنەڤاڵەی ساختەی
ب. و. و. ننن. . .

کوردستان نێت www.kurdistannet.org